كوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەكی ئەلكترۆنی ڕۆژانەی كشتی سەربەخۆی كوردییە
www.kurdistannet.org
3-6-2007 21:40بەکاتی ناوەندی ئەورووپا

# کیسەڵەکەی زیرەک میرە و تونێڵی سیاسی کورد ... دڵزارحەسەن

"لە تونێڵەكەی ئەزمڕ كیسەڵێكی گەورە دۆزراوەتەوە" ئەمە نووسراوی نێو نامەی زۆربەی زۆری خەڵكی شاری سلێمانییە. بێگومان پەیوەندی ئەم كیسەڵەش بە تونێڵەكەی ئەزمڕەوە ڕێك وەك ئەو پەیوەندیە ئاڵۆزەی كورد بە تونێڵی سیاسەتی ناوچەكە وایە. وێنەكان هاو واتا و سەر بەیەك ئاراستەی دیاریكراون. هەموو لایەكیشمان دەزانین كە كیسەڵەكەی شاری سلێمانی وەهمە و ڕووحی لەبەردا نییە، گۆڕەپانی سیاسیانەی ئێستای ناوچەكەش هاوكات لە نێو ئەو تونێڵە تەم و مژاویەدا دۆشداماوە. لە نێوان ئەگەری بە ڕاست زانینی كیسەڵەكە و بەڕاست نەزانینی هەڵبەتە قسەیەكیش بۆ خەڵكی ماوەتەوە كە بەر بە فراوانی دڵی خۆیان بەو واقیعە دروستكراوە بڵێین " ئەری ئەم گەمەیەی نێو ئەو تونێڵە كەی كۆتایی پێدێت" خۆشبەختانە بۆ خاتری ڕەوینەوەی گومانی ئەو هاوڵاتیانەی كە نەگەیشتبوونە یەقین ئاخۆ ئەو كیسەڵە ڕاستە یان نا هونەرمەند زیرەك میرە بە نوێژی نیوەڕۆ هاتە سەر شاشەی " تی ڤی" و گوتی: " ئازیزانم، خەڵكی شارە خۆشەویستەكەم، كیسەڵەكەی تونێڵی ئەزمڕ بە دەستەكانی خۆم دروستم كردووە بۆ ئەوەی ئێوەی ئازیز پێبكەنن و دڵتان خۆشبێت، خەریكم بەشداری پێبكەم لە درامایەكی كۆمیدیدا، ، ئەهلی شارەكەم تكایە ئارام بنەوە و نامەی نێو مۆبایلەكانتان بكوژێنەوە " زیرەك میرە وای وت و ئیدی خەڵكی شاری هونەر و ئەدەب و مەعریفەش دایان لە قاقای پێكەنین و بە خۆشحاڵیەوە نامە وەهمیەكانی نێو مۆبایلەكانیان سڕیەوە. لەو كاتەوە كەس لە كیسەڵەكەی نێو تونێڵی ئەزمڕی نە پرسیەوە و كەسیش هەواڵی ناوەڕۆكی ئەو تەمسیلیەی نەزانی ئاخۆ سەرگوزەشتەی كام ڕووداوی كوردستان بە كۆمیدیا دەگێڕێتەوە. وەلی تونێڵی سیاسی كورد ئەمجارە زۆرێك كیسەڵی تیادایە كە هێندە بە ئارامی دەڕۆن خەڵكی گومانیان لێدەكات كە بوونیان هەبێت، هەرچەندە ماددە و بڕیار و پڕۆتۆكۆڵە مۆركراوەكانمان زۆر لە كیش و قەبارەی ئەو كیسەڵەی زیرەك میرە گەورەترە بەڵام كیسەڵەكەی نێو تونێڵی سیاسی ئێمە هێشتا نازاندرێت ڕووی بەرە و چ مەملەكەتێكە. ڕێگای پایتەخت هێندە گەرمە كیسەڵەكەمان ناتوانێت پێدا بڕوات، ڕێگای شاری كەركوكیش بە هۆی شەقامە یەك سایدیەكەیەوە كیسەڵەكەمان ناوێرێت لێیەوە تێپەڕێت. لێرەوەش بۆ خاتری دروستكردنی پرسیار و گومان لە سەر ڕەهەندە نا ئاساییەكانی نێو ئەو تونێڵە سیاسیەمان دەشی بوونی ئەو كیسەڵە بە دۆخێكی زۆر مەترسیدار بۆ سەر ڕەوشی سیاسی و دەستوری و كلتوری كورد لە ناوچەكە بخوێندرێتەوە كە بە هێواشیەوە لەسەر پشتی ئەم كیسەڵە دەڕوات بەرێوە. هەر ئەوەشە وامان لێدەكات بڕوا بەوە بهێنین كە هیچ كاتێك بە قەت ئەمڕۆكە بارو دۆخی سیاسی كورد ئاڵۆز و تێك چڕژا و نەبووە، بارتەقایی ئەو گرژیانەش دنیایەك هەنگاوی نا ڕۆشن و دژ بە ڕەوشی سیاسی و چارەنووسی كورد لە لایەن دەوڵەتانی دراوسێمان و ئەو وڵاتانەی كە بەرژەوەندییان لەگەڵ ئێمەمانان تێك ناكەوتەوە لە ئارادایە و ئێمەش تەنها لە بەخشینی كیسەڵێكی بی گیان و ڕووح چیترمان نییە بیدەین بەو تونێڵە سیاسیەی كە هەموو لایەكمانی پی سەرقاڵكردووە. دەبی وەریابین لەوەی ئەزموونی كوردستان ئاییندەی ڕۆشن نابێت گەر دواجار بەئاگاییەكەوە چاو لە هەنگاوەكانی ئەو ئاریشە و مشت و مڕانە نەكات كە بە هەنگاوی كیسەڵ دەڕۆن بەرێگاوە. بی ئاگایشمان لە تێپەڕینی كات بە سەر چارەسەركردنی كێشەی كەركوك و ماددەی 140 كە خەریكە ئان و ساتەكەی تەوا و دەبێت و بەر چاوی ئێمەی زیاتر لێڵ كردووە. هاوكات لەگەڵ ئەوەشدا دەبینین پارت و ئەقلییەتە مەزهەبی و شۆڤینیەكان لەسەر جێبەجێكردنی دەستوری عێراقی و دابەشكردنی داهاتی نەوت و بودجە و كار و پڕۆژەكانی

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

دیکەی حکومەتی بەغدا کێشە بۆ سەرکردایەتی سیاسی کوردستان دروست دەکەن. بێگومان ئەو تێپەڕاندنی کاتەش لە قازانجی ئێمەدا نییە و گەر وابڕوات نەك بەپشتی کیسەڵ ناگەین بە ئامانج بەڵکو دواجار کیسەڵە وەهمیەکەش لە دەست دەدەین.

تێبینی: ئەم بابەتە لە گۆشەی" دەنگ" ی ژمارە 218 ی رۆژنامەی کوردستان راپۆرت بڵاوکراوەتەوە

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.